www.kurdistannet.org
11/07/2003 16:55

# ئەو وتارەی موسڵمان دەکاتە کۆمۆنیست

هشام ئاکرەیی

دەڵێن لەوانەیە پارچە چڵی دارێکی زراو، پشتی حوشتر بشکێنێ یان یەک کەس پاپۆڕێکی گەورە نوقم بکاتە ژێر ئاو. هەڵبەتە هەموو دارێ، پشتی حوشتر ناشکێنێ و هەموو مرۆڤێکیش ناتوانێ پاپۆڕ نوقم بکات. بەڵام دەبێ ببیە ژمارەیەکی تایبەت لەو قورسیەی حوشتر یان پاپۆڕ دەتوانی هەڵیگرێت. بوون بەو ژمارەیە، کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو لە لوتۆ و بەخت هێنان زەحمەتترە.

بەر لە ئێستا بە چەند رۆژێک وتارێک بە ناوی "دەروێشانی مەنسوور حیکمەت" لە سایتی کوردستان نێتدا، بڵاو کردەوە. بەر لەوەی بابەتەکە بۆ کوردستان نێت بنێرم دەمزانی دەبێتە هۆی وەستاندنی زکری هەندێ دەرویش، هەر هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی کورت. هەروەها دەبێمە هۆی تۆرەیی وخورتر بوونی زکری ئەو دەروێشانەی تاوەکو ئێسقان مریدی مەنسوور حیکمەتن. ئەوەی چاوەروانکراو بوو رۆدا و هەر یەک بە جۆرەی مەعدەن و کەسایەتی و رۆشەنبیری خۆی وڵامی منی دایەوە.

ئەوەی چاوەڕوان نەکراو بوو، سایتێکی کوردی/ عەرەبی بە شێوەیەکی "ئازادانە" وڵامی منی دایەوە. ئەم مالپەرە خۆی بە دیموکرات و بێلایەن لە قەڵەم دەدات. ئەوەبوو بابەتی "دەروێشەکانی مەنسوور" بڵاوی نەکرد. خۆم بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە بواری راگەیاندندا کارم کردوە وبەرپرسیاربووم لەو بابەتانەی بڵاودەکرانەوە و شارەزایەکی (موتەوازع)م هەیە دەربارەی یاساکانی راگەیاندن لە وڵاتانی رۆژئاواییدا. ئەم سایتە ناتوانێ هێچ بیانۆیەک بدۆزێتەوە بۆ بڵاونەکردنی ئەو بابەتە جگە لە دژایەتی کردنی خاوەنی ماڵپەرەکە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکەم ونزیکبوونەوەی رەخنەکەم لە بیروباوەری ئەو. واتە بنەما دیموکراتیەکان رەچاو نەکراون وسنووری دیموکراسی ئەو مالپەرە تاوەکۆ دەرگای ماڵە. وەکۆ کەسانی موسڵمان مرۆڤ ئازادە باس لە زۆر شت بکات، بەڵام کە گەیشتە خوا و پێغەمبەر، بڤە و حەرامە. هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا ئەم شتە رەچاو بکەم.

شتی چاوەڕوانەکراوی دووەم، نامەی خوشکێکی بەناو خواناسی موسڵمان و ئسلام پیرۆز بۆ. (نازانم بە تەواوەتی ژنە یان دەیەوێ تیجارەت بە ناوی ژن بکات وەک زۆر لایەن) ئەم خوشکە زۆر شتی نووسیبوو، بەڵام ئەوەی سەرنجی منی راکێشا دێڕێکی ئەو خوشکەبوو، تیایدا دەڵێت لەدوای خوێندنەوەی بابەتی دەروێشەکانی مەنسوور حیکمەت، ئەو ژنە دەبێتە دەروێشی مەنسوور حەکمەت. سەرنج راکیشانەکە نەک لە بەر بۆنی ژنەکە بۆ بە " کۆمۆنیست"، یان چۆن وتارێکی رەخنەکرانە لە مەنسووریەکان نەک لە کۆمۆنیست، ژنێکی خواناس دەکاتە مەنسووری، بەڵکۆ سەرنجەکە لە سەر شێوە و رەفتاری ئەم جۆرە کەسانەیە. ئەم جۆرە کەسانە پێیان وایە تەنیا ئەو دەتوانن تەڵسمی قسەکان بخوێننەوە. ژمارەیەک لە کۆمۆنیستەکان و بەتایبەت مەنسووریەکان پێیان وایە تەنیا ئەو شت دەزانن و خەڵکانی تر نافامن و تێناگەن. ماتریالیزمی جەدەلی ئەم هاوکێشەیەی ئەم خۆشگە دایناوە، قبۆڵ ناکات. مارکسیزم دەڵێت تراکماتی چەندایەتی، گۆڕێنی نەوعی و جۆرایەتی دروست دەکەن. واتە یان دەبێ بەر لە خوێندنەوەی وتارەکەی من ئەم خۆشکە خوا نەناس بێت، یانیش هەر لە بنەڕەتدا ئەندامێکی تەکیا و حوسەینی یەی مەنسوور حیکمەت بوە و بە شێوەیەکی ئەنقەست ئەو ئیدعایە دەکات. ئەوەندەی من دەزانم کەسانی مارکسی دەبێ راستگۆ بن.

هەمشەهریەکی خۆم کە دیارە هەر لە هەشتاکانەوە دەروێشی مەنسوور بوە، (ئەو هاورێ یە باش دەزانێ من کێم. ژیانی ئەو و چەندین کەسانی تر لە دەستی من دابوو ئەو کاتە، کاتێ ساڵی ١٩٨٣ گیرام لە لایەن ئیستخباراتی سەددامەوە و دەرکەوتم بە بێ ئەوەی ناوی کەسێک بدرکێنم، ئەو کاتە چەندین ئەندامی رێکخراوەکان رایانکرد بۆ خۆیان شاردەوە و پێیان وابۆ خۆم پێ راناگیرێ و دەرۆخێم، بە تایبەت لە دوای

پڵاوبۆنەوەی هەواڵی ئەشکەنجەدانی من لە لایەن ئیستخباراتەوە. ئاخر هەموو دەزانن سەددام حسین کێیە و چۆن خەڵی ئەشکەنجە دەدا) . هەمشەرییەکە نووسیویەتی کەوا ، لەساڵانی هەشتاکان من باشتر لە سیاسەت حاڵی دەبووم و شارەزاتر بووم لە ئێستا. لەم نامەیەشدا خەسلەتێکی تری مەنسووریەکان دەردەکەوێت ئەویش، بەلای ئەوانەوە هەر کەسێک لە ناو ڕیزەکانی (ح. ک. ع و ئێراندا) نەبێت، لە سیاسەت شارەزانیە وهیچ نازانێ و دواکەوتوە. ئەوانە تەنیا مەنسوور بە شت ئەزانن. دوا وتەم ئەوەیە، بەڕاستی مەنسووریەکان بلیمەتن لە سیاسەتدا و هەر لەبەر ئەوەش بەردەوام ڕەسیدیان نزیکە لە سفر و ژمارەی ئەندامەکانیان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن ئێستا و ئەو کاتە و لەداهاتوودا و حەتمیەتی مێژووییش فریایان ناکەوێت.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت